ئورگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

# کرێکارانی جیهان یەکگرن !

## لەم ژمارەیەدا ...


زیندانیانی سیاسی : شکارەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی و خوراکی تەبلیغاتی ئوپوزیسیونی دەرەوەی وڵات ! ل ٢

ئامانجەکانی رژیم لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئابووری لابردنی یارانەکان ! ل ٣

ڕۆڵی ژنـــان لــە بەرەو پێش بردنی جووڵانەوە ل ٥

شکستی شۆرش و پەرەساندنی مارکسیزمی بۆرژوایی ل ٦

ڕاپەرینی ڕێبەندانی ١٣٥٧ لە پاش تێ پەر بوونی سی و دوو ساڵ دا ! ل ٩

قەڵبی من ! بە یادی نازم حیکمەت ل ١١

مـــــامـــــە لفتە ل ١١


**کار , خانوو , ئازادی , کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**




# زیندانیانی سیاسی : شکارەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی و خوراکی تەبلیغاتی ئۆپوزیسیونی دەرەوەی وڵات !

بارودۆخی زیندانیانی سیاسی لە حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی لە ناو زیندانەکانی ئێراندا و بە تایبەت لە کوردستاندا زۆر خراپ و نالەبارە . ژیانی رۆژنامەوانانی رەخنەگر ، هەلسووراوانی سیاسی و . . . لە زیندانەکان لە مەترسیدایە . ئەم زیندانیانە نارەزایی خۆیان نیسبەت بە گرتن و دەرکردنی بریاری لە سێدارەدانیان لە لایەن ئینسان کوژانی کۆماری ئیسلامی دەربریون و خوازیاری ئازادی خۆیان . رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بە لاری بردنی بیرو بۆچوونی گشتی و بەرێوەبردنی پلانەکانی ئابووری تالانگەرانەی دژی گەلی خۆی وەک لابردنی یارانەکان لە ژێر ناوی ئامانجدار کردنی ئەوان و تالانی هەرچی زیاتری سروەت و سامانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دیسان رووی هێناوەتە کوشت و کوشتار و خوڵقاندنی فەزای تیرۆر و کوشتار تا لە حاڵێکدا کە بیری گشتی خەڵک بەرەو لای جنایاتی رژیم دەچێ پلانەکانی ئابووری خۆی بە راحەتی جێ بە جێ بکات و لەم پێناوەدا بۆی گرێنگ نیە تاکو لە لایەن چەند ئورگان و رێکخراوی مافی مرۆڤیش لە دەرەوەی وڵات مەحکوم بکرێ . تەنانەت زۆریش پێ باشە تا بەم شێوەیە بە یەک تیر دوو نیشان بپێکێ . یەکەم ئەوەی کە پلانەکانی لە حاڵێکدا کەس سەرنجی پێ نادات جێ بە جێ بکات و لە هەمان حالیشدا بە خوڵقاندنی فەزای ترس و تۆقاندن لە ناو کۆمەڵگادا کۆمەڵانی نارازی خەڵک لە بەدواهاتەکانی کردەوەی ئیعترازی خۆیان بە نیسبەت سیاسەتەکانی ئابووری رژیم بترسێنێ . هەڵبەتە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لە هاوکاری ئۆپوزیسیونی بێکار ، عەلاف و پر چانەی دەرەوەی وڵات سوودی تەواوی برد و ئاغایانی ئۆپوزیسیون ٢٤ سەعاتە لە پشت شاشەی تەلەفزیونەکانی ماهوارەیی خۆیان خۆراکی تەبلیغاتی خۆیانیان دۆزی بوو تا بە راگەیاندنی خەبەری هەر ئیعدامێک بۆ جارێکیتر بوونی خۆیان رابگەینن . ئۆپوزیسیونێک کە تەنها لە ئاوا هەلومەرجانەی کات بە باش دەزانێ تاکو هاواری یا حوسینی مەزلوم و وا موسیبەتا بەرز بکاتەوە و بە کردەوە شانی خۆی لە ژێر باری بەرپرسایەتی کاری بەکردەوە و پراتیکی شۆرشگێرانە خاڵی بکات و پیویستی رێکخستنی خەڵکی پشت گوێ بخات . باو بوون و پەرەساندنی پەیوەندیەکانی مەحفلی لە ناو ئۆپوزیسیونی چەپ بووەتە هۆی ئەوەی کە جوولانەوەی نارەزایی خەڵک لە ناوخۆ بە شێوەیەکی کارئامە لە دەرەوەی وڵات پشتیوانیی لێ نەکرێ . ئۆپوزیسیونی چەپ بە بێ لە بەرچاو گرتنی ئەسڵی لینینی کە بایەخی ئەوتو ناداتە حەرەکاتی خۆدجۆش و خۆبەخۆیی ، کەوتووتە دوای هەلومەرج و رووداوەکان و ئەمەی کردووتە پیشەی خۆی تا لانی کەم جار و بار بە دەر کردنی راگەیاندراوێک بوونی خۆی رابگەێنی تاکو لە بیر نەچێتەوە . ئەوان سنوورەکانی ئیفلاس و وەرشکستەگی سیاسی خۆیان تا ئەو جێگایە گەیاندوون کە بە جیاتی هەلویست وەرگرتنی شۆرشگێرانە لە بەرانبەر کوشتاری شۆرشگێران و هەلسووراوانی سیاسی ، قەهر و شێوەکانی قەهری و تەنانەت شۆرشی قەهریش رەت دەکەنەوە و تەبلیغی خەباتی مەدەنی و مودیرن دەکەن . ئەم شتە بووەتە هۆی ئەوەی کە متمانەی خەڵک بە نیسبەت بەشێکی گەورە لەم هێزە لە دەس بچێت و لە ئاکامدا لە هەلومەرجی نەبوونی رێکخستنی خەڵکی بزووتنەوەی نارەزایی ئەوان یان لە دایرەی داخراوی حەرەکاتی خۆبەخۆیی بەربەست بکرێ یان ئەوەی کە بچێتە ژێر چەتری باڵەکانی مەغلوبی بورژوازی .بەشێکی گەورە لە هێزی دەرەوەی وڵات لە ژێر ناوی چەپ سەرەرای بەرز کردنەوەی دروشمی رووخانی کۆماری ئیسلامی قزانجێکی راستەقینەی لە رووخانی حاکمیەت نیە و لە گەڵ هەلومەرج و بارودۆخێک کە تێدا دەژیت راهاتووە و لە گەڵ هەلومەرجی ژیانی رۆژئاوایی تێکەڵاو بووە . ئەوان لە باشترین حالەتدا گونجاوترین و لەبارترین تاکتیکی سیاسی هەڵدەبژێرن تاکو مەحفلی سیاسی خۆیان مەترەح بکەن . خەڵکی ئێران و بە تایبەت خەباتگێرانی ناوخۆی وڵات دەبێ تەنها و تەنها پشت ئەستوور بن بە رێکخستنی سیاسی و سینفی سەربەخۆی خۆیان بۆ پەرپێدانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ئارمانەکانیان .



# ئامانجەکانی رژیم لە بەرێوەبردنی سیاسەتی ئابووری

# لابردنی یارانەکان !



هەمووان لە بیریانە کە سەرکردەکانی رژیمی حاکیم بە دوای بە دەسەڵات گەیشتنیان چۆن و بە چ شێوەیەک رەقیبانی سیاسی خۆیان بە ناوی لیبراڵ و لایەنگری لیبرالیزم لە دەور خاریج کرد و بە بیانوی جۆراوجۆر و بە دوور لە راستی نەیارانی سیاسی خۆی تاوانبار و مەحکوم کرد . لەو کاتەدا ئەم دوو وشەیە لە فەرهەنگی وشەکانی ئەوان خراپترین جنیوەکان بوون . سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی سەرەتا دارودەستەی بازرگان و بەنی سەردریان بەم تومەتە لە دەسەلات لادا و نەیان هێشت تاکو چالاکی سیاسی بکەن . بە دوای ئەودا نورەی تەسویەی نەیارانی تری ناوخۆی حکومت گەیشت کە یەک بە دوای یەک لە مەیدان لا ببردرین . ئەمە شتێکە جگە لە شێوەی هەلسوکەوتی رژیم لە گەڵ هێزەکانی شۆرشگێر و خەباتگێر . بەلام لیبرالیزم تەنها لە گۆرەپانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی نیە و لە بواری ئابووریش مانا و مەفهومی تایبەت بە خۆی هەیە . گەرایشی ئەسڵی دەورانی سازەندەگی حکومەتی هاشمی رەفسنجانی بەرەو لای لیبرالیزمی ئابووری بوو . لە بەر ئەوەی کە رژیمی کۆماری ئیسلامی بەشێکە لە جیهانی سەرمایەداری ، ئەم حاکمیەتە بە پێ سیاسەتی ناسراوی سەرمایەداری جیهانی و هەر دوو ئورگانی ئەو واتە سندووقی نیودەوڵەتی دراو و بانکی جیهانی بریار دەدات . و ئەویش پەیرەوی لە سیاسەتی لیبرالیزمی ئابووریە کە پێشتر نوسخەکەی لە لایەن ئورگانەکانی سەرمایەی جیهانی پێچراوە . و وڵاتانی ئەقماری دەبێ جێ بە جێی بکەن . بۆیە دەوڵەتی هاشمی رەفسنجانی بە حاکیم کردنی سەرمایەداری بازار و کەم کردنی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری مل کەچی سیاسەتی جیهانی کردنی سەرمایە و سیاسەتی جیهانی سەرمایەداری بوو . تا ئەو جێگایە کە رۆڵی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری بە تەواوی لە ناو چوو . لە جێ بە جێکردنی ئەم سیاسەتە , سەرکردەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی زۆریان دا بەلام کۆسپێکی گەورە لە بەردەم ئەوان بوو و ئەویش ئەسڵی ٤٤ ی قانوونی ئەساسی رژیم بوو کە بە پێ ئەم قانوونە سەنعەتەکانی مادەر و گەورەی وەک بانکەکان ، بیمەکان و شرکەتەکانی گواستنەوە دەبوایە لە کونترۆڵی دەوڵەت بن .بە باشی دەزانین کە حاکمیەتی دواکەوتوو بە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی نە تەنیا بە سەر سروەت و سامانی دەوڵەتی حاکیم بوو بەڵکو هەموو سروەت و سامانی کارخانەکان و شرکەتەکانی دەرباریەکانی رژیمی پێشوویانیش بە دەست گرت بە ناوەکانی جۆراوجۆر کونترۆڵی ئەوانیان دایە دەستی بنیاتەکانی سەر بە رژیم و بۆ شاردنەوەی دزیەکانیان ئەفرادی جێگای متمانەی خۆیانیان بە سسەر ئەوان دانا . پاش دەس بە سەر داگرتنی شرکەتەکان و کارخانەکانی دەرباریانی رژیمی پێشوو نورەی سروەت و سامانی گشتی خەڵک واتە شرکەتی نەوت و تواندنی ئاسن و دامەزراوە سەنعەتیەکانی خوزستان و ئیسفەهان گەیشت . لە هەمان حاڵدا بانکەکانیش دەبوایە لە شکلی سروەت و سامانی گشتی و دەوڵەتی دەر بهاتایە و بدرایە سەرمایەدارانی خسوسی . ئەگەر چی رەفسنجانی وەک یەکێک لە معمارانی ئەسڵی ئەم پلانە بەرە بەرە لە لایەن رەقیبانی بوروکرات وەلا نرا . بەڵام خامنەیی بە دروست کردنی کلاوێکی شەرعی تەفسیر و گۆرانکاری تازەی لە ئەسڵی ٤٤ی قانوونی ئەساسی پێشکەش کرد . بە پێ ئەم تەفسیرە تازەیە ی خامنەیی ئەم مادەیە لە قانوونی ئەساسی بە تەواوی خاڵی لە ناوەرۆک کرا و بە دوای ئەودا هەروا کە بینیمان کارخانەکانی تواندنی ئاسن ، شرکەتی نەوت بریتی لە دۆزینەوەکان ، دەرهێنان و فرۆشتن بە پێچەوانەی قانوونی میللی بوونی نەوت درایە بەشی خسوسی . لە ساڵانی رابردوو ململانی باڵەکانی ناوخۆی حاکمیەت لە سەر بە دەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی بووەتە هۆی بە هێز بوونی باڵی بورژوازی بوروکرات بە رێبەری سوپای پاسداران . ئەم بەشە لە سەرمایەداری ئێستا لایەنی سەرکەوتووی حکومەتی ئیسلامیە و هەر ئەوانن کە چ لە بواری تیئوری و چ لە بواری پراتیک بە شێوەیێکی بەربلاو بە سەر سەرچاوەکانی بەرهەم هێنان و دابەشکردن و خزمەتگوزاریەکان موسەیتەر بوون .سوپای پاسداران لە کاتی حکومەتی هاشمی رەفسنجانی هاتە ناو مەیدانی کاروباری ئابووری و بازرگانی . ئەم ئورگانە سەرکوتگەرە بەرە بەرە فەرماندەکانی خۆی هێنایە ناو مەیدانی سیاسی و ئابووری تا ئەو جێگایەکە ئەهرومەکانی

قوەی قەزائیە و موقەنەنە و ئیجرایی بە دەستەوە گرت . سوپای پاسداران نەتەنیا گرێنگترین پلە و پایەکانی حکومەتی بە دەستەوە گرت بەڵکو ئێستاکە بە هێزترین تەشکیلاتی مافیائیە کە زیاتر لە ٨٠٪ ی سەرچاوەکانی بەرهەم هێنان و دابەشکردن و خزمەتگوزاری ولاتی لە دەستدایە . نموونەی ئەم راستیە کرینی زیاتر لە ٥١٪ی سەهامی شرکەتی موخابراتی ئێرانە کە بە وتەی خۆیان گەورەترین موعاملەی بورسی ئێران بووە و دراوەتە شرکەتێک سەر بە سوپای پاسداران . سوپای پاسداران و ئەحمەدی نەژاد لە راستیدا درێژە پێدەری سیاسیەتەکانی ئابووری دەوڵەتی هاشمی رەفسنجانین و ئەویش لە ناو بردنی رۆڵی دەوڵەتە لە کاروباری ئابووری و پەیرەو کردنی دەستووراتی سندووقی نێودەوڵەتی دراو و بانکی جیهانی . لابردنی قانونی یارانەکانیش لە راستای سیاسەتی سەرمایەداری جیهانیە و حاکمیەتی بێ رەحمانەی بازار و بازاریەکان بە سەر هەموو قۆناغەکانی پێشکەشکردن و داواکردن و نرخ دانان مسوگەر دەکات تا ئەو جێگایە کە سەروەری یەکجاری سوڵتەی سەرمایەداری لە ئێران تەزمین بکرێ . لە هەلومەرجێک کە



پێشکەشکردن و داواکاری پێوانەی نرخ دانان دەکری و لە هەمان حاڵدا سیستەمێکی راست و دروست و کونترۆلی ورد و دەقیق بە سەر ئەم پرۆسەیە حاکیم نیە ، نرخەکان رۆژ بە رۆژ دەچێتە سەرەوە و نرخی کەلوپەلەکان گرانتر دەبی و ئەمەیش ئاکامێکی نیە جگە لە ماڵ وێرانی و هەژاری هەر چی زیاتری توێژ و چینەکانی مام ناوەندی و کەم داهاتی کۆمەڵگا . لە قۆناغی یەکەم کە قەرار وابوو ٢٠٪ی یارانەکان لابرێ و پاش ٥ ساڵ بە تەواوی لابربردرێ ، نرخەکان لانی کەم لە نێوان ٣ تا ٩ بەرانبەر گرانتر بوو و ئەمە لە حالێکدا بوو کە نرخی پێداویستیەکانی ئەساسی وەک ئاو و بەرق و گازی مەسرەفی خەڵکی زیاتر لە ١٠ بەرانبەر گرانتر بوو . ئاسەواری زۆر زیانبارتری ئەم قانوونە پاش ٥ ساڵی دیکە کە دانی یارانەکان بە تەوی لە لایەن دەوڵەتەوە قەتع دەکری خۆی نیشان دەدات و بە لە بەر چاو

گرتنی ئەوەی کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی ولات بۆ دیفاع لە داواکاریەکانیان بچووکترین پێکهاتەی سینفی و یان رێکخستنیان نیە و لە گەڵ سەرکوتی هەوسارپچراوی ئۆرگانەکانی سەرکوتی رژیم رووبەروون بەرێوەبردنی ئەم سیاسەتە دژی گەلیە لە لایەن مافیای سەرمایەداری مانایێکی نیە جگە لە دەسدرێژی هەرچی زیاتر بۆ سەر وەزعی ژیانی خەڵک . و پیویستە لەم قۆناغەدا خەڵک و هێزەکانی لایەنگری قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بە دواهاتەکانی زیانباری ئەم قانوونە هەر چی زۆرتر بۆ خەڵکی روون بکەنەوە و خەڵکیش بە جیددی لە دژی ئەنجامدانی ئەم یاسایە راوەستن . بێ دەنگ بوون لە بەرانبەر ئەم قانوونە بە رەسمی ناسینی هەموو کردەوەکانی سەرکوتگەرانەی حاکمیەتە بە دژی جوولانەوەی نارەزایی خەڵکی . قبوولی مەرجەکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی لە لایەن دەوڵەتی ئێران بە مانای تەعتیلی واحیدەکانی بەرهەم هێنانە کە توانای رەقابتیان نیە لە گەڵ واحیدەکانی بەرهەم هێنانی دەرەوەی ولات لە بەر ئەوەی کە ئەوان لە تەکنیکی پێشکەوتووتر بۆ بەرهەم هێنان بەرخوردارن و ئەمەیش دەبێتە هۆی بێکاری هەر چی زۆرتری کرێکاران و زەحمەتکێشان . ئەمە سەرەرای ئەوەیە کە بە لەبەرچاو گرتنی سیاسەتی تازەی ئابووری ولاتانی سەنعەتی جیهان بۆ دەرباز بوون لە کەمی بوودجە و هاوسەنگی بازرگانی و موشکلەی بێکاری لەو ولاتانە ، قبوولی مەرجەکانی ئۆرگانەکانی سەرمایەداری جیهانی باری ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە ولاتێک وەک ئێران لەوەی کە ئێستا هەیە نالەبارتر دەکات و دەبێتە هۆی بێکاری هەرچی زۆرتری خەڵک .

## مەرگی ئەستێرە مزگێنی هەڵاتنی خۆرە !



**٢٩ رێبەندانی ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی دڵی پڕ لە عەشق و وەفای خسرەو گولسورخی و هاوخەباتگێری ئەو کەرامەتوڵلا دانەشیان بووە ئاما نجی گوللەکانی ئینسان کوژانی رێژیمی شا . هەرجار بیستنی ناوی ئەوان هێز و توانایێک بوو بۆ دڵ و قەڵبی مرۆڤ ، بۆ عاشقانی ئازادی و بەرابەری .**

**ئەوان ئەشکنجەگاکانی رێژیمی شایان سەربەرزانە گرت و بێدادگاکانی نیزامی شایان کردە سەنگەرێک تاکو لە پشتەوەی ئەو بەرەو سینگی بەکرێگیراوانی دوژمنی**

**(( یادیان بەرێز و رێگایان پڕ لە رێبوار ))**

# ڕۆڵی ژنـــان لــە بەرەو پێش بردنی جووڵانەوە




بێ گومان بەشداری ژنان لە خەبات بۆ وەدی هێنانی مافی چارە نووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان وەک یەکێک لە نیشانەکانی گرینگی پەرەسەندن و بەرز بوونەوەی جوولانەوەیە لەم کاتەدا. گرێنگی ئەم بابەتە لەو کاتە دەردەکەوێ کە بەشداری چالاکانەی ژنان لە خەباتی بە کردەوە و ڕۆژانە لە خۆپێشاندانەکانی سەر شەقامەکان, هێرش بۆ سەر دام و دەزگاکان و هێزەکانی سەرکوتگەر , ببینین. ئەگەر جوولانەوەی نارەزایی ژنان نەتوانێ ڕەنگدانەوەی لە داخوازیەکانی دیاریکراوی سیاسی و کۆمەلایەتی و خەبات بۆ ئەوان بێت, تا ئەو کاتەی کە دیواری تەسکی بێ مافی, بچووک ژمێردن و ئیهانە بە سەر خەباتی داسەپا بێت , و تا ئەو کاتەی کە ئەم بێ مافیە وەک شتێکی یاسایی و حەتمی لە لایەن ئەوان قبوول بکرێت , ڕێگای پەرەسەندنی بەرەو ئاستەکانی بەرزتری خەبات , بەرەو ئاستەکانی بەرزتر لە پێک هات و ڕێکخستن لەم کاتە و لە داهاتوو لە ژنانی زەحمەتکێش دادەخات , و نیویێک لە کۆمەڵانی چالاک و خەباتگێری حەشیمەتی ئیران لە کار و چالاکی ڕادەوەستن. ئەوەی کە هەموو کاتێک لە پێ ڕاگەیاندنەکانی بورژوازی دووبات دەبێتەوە, وەعدو بەڵێنی یەکسانی مافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان و پیاوان و ڕاستەقینە بوونی ئەم یەکسانیەیە. بەڵام چۆنیەتی وەدی هاتن ناوە ڕۆک و ڕێکخستن سەبارەت بە وەدی هاتنی ئەو لەو بابەتانەیە کە زۆر کەم باس و لێکۆلینەوەی لە سەر کراوە و لە کۆتایی دا ئاکامی نادیار بووە. داخوازیەکانی دێموکراتیک و شۆڕشگێرانەی ئەمڕۆی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش کە هاوشان لە گەڵ پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ وەدی هاتنیان خەبات دەکەن ئامانجەکانی گشتی جوولانەوە پێک دێنێ . ئەو ئامانجانەی کە لە یەکەم قۆناخ دا لە خەباتی هاوبەش دژی سیستەمی چەوسێنەرانی داسەپاو و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەدی دێت. بێ ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەرمایە وە دەست هێنانی ئەم مافانە بۆ هیچ کرێکار و زەحمەتکیشێک مسۆگەر نابێت و بۆیە ژنانیش ناتوانن مافەکانی دێموکراتیکیان وە دەست بێنن. هەر چەند لە شوێنەکانی جۆر بە جۆر و بە پێ هەل و مەرجی تایبەتی ئەو شوێنانە لە بواری بوونی جۆرەکانی ستەم و چەوسانەوە وەک چەوسانەوەی چینایەتی , میللی و... و یان تیکەلاوێک لەم چەشنە چەوسانەوانە و پەیوەندیەکانی داسەپاوی سەر چاوە گرتوو لە بوونی جۆرەکانی چەوسانەوە هۆکار و کوسپی سەرەکی لە سەر ڕێگای ڕزگاری ژنانە بەلام پەیوەندیەکانی فەرهەنگی و کۆمەلایەتی داسەپاویش کوسپێکی گرێنگە لە سەر ڕێگای بەشداری چالاکانەی ژنان لە خەبات بۆ وەدی هێنانی مافەکانی دێموکراتیکی خۆیان. زنجیرەیێکی لە هۆکارەکان وەک فەرهەنگی کۆن سەرچاوە گرتوو لە پەیوەندیەکانی کونی قەومی و عەشیرەتی, بووتە هۆی ئەوەی کە پێک هاتنی زنجیرە پەیوەندیەکانێک کە ژنان دەبێ بۆ ڕزگاری خۆیان پساندنی ئەم زنجیرە پەیوەندیە بکەن بە ئامانجی خێرای خۆیان. بوونی ئەم هۆکارانە کاریگەری زۆر خراپی هەیە لە سەر شوێن و جێگای کۆمەڵایەتی و ڕەوتی خەباتی ژنان . ژنان دەبێ بۆ لە ناو بردنی ئەم کۆسپانە لە شوێنی کار و ژیانیان دەست پێ بکەن. نەریتەکانی کۆن و ڕزیوێک وەک ئێزدەواجی زۆرە ملی و لە باشترین حاڵدا کە کۆمەڵگای دواکەوتوو قبوولی کردووە واتە ئێزدەواجی بە ڕواڵەت ئازاد و لە سەر ئەساسی هەڵبژاردنی ئازادانەی شەریکی ژیان کە ئەویش هەر لە ئەساسدا ئێزدەواجێکی زۆرە ملی و لە سەر ئەساسی بیر و بۆچوونی دواکەوتووانە و مەزهەبیە و هۆکاری ئەسلی قبوول کردنی ئاوا شێوەیێکی ژیان لە لایەن ژنان بارودۆخی نالە ناری ژیانیان لە بواری ئابووری- کۆمەڵایەتیە چ لە ناوخۆی کۆمەڵگا و چ لە ناوخۆی بنەماڵە, دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنان لە مافە سەرتائیەکانیان بێ بەش بن و بۆیە ویستی و داخوازی ژنان بۆ بەشداری چالاکانە لە دیاریکردنی چارە نووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا, پێویستی هەیە بە پساندنی زنجیرەکانی دەست و پێ گیری نەریتەکان کۆن و ڕزیو و پەیوەندیەکانی داسەپاوی سەر چاوە گرتوو لە وان . بێ گومان سەرکەوتن لەم بوارە و وەدی هێنانی ئەم مافانە بە تەنیایی و بە بێ پشتیوانی بەشەکانی تێگەیشتووی کرێکاران و زەحمەتکێشانی پیاو مومکین نیە. دەبێ کۆمەڵانی بەشدار لە جوولانەوە بەم رادە لە تێگەیشتنە بگەن کە وە دی هێنانی ئەم مافانە ڕۆڵێکی گرینگی لە پەرەسەندنی خەباتیان هەیە. نەریتەکانی پاشماوە لە فورماسیونەکانی کۆنی پێش لە سەرمایەداری و ریشە داکوتانی بیرو بۆ چوونی خورافی و مەزهەبی هەمووی دەبێتە هۆی ئەمەی کە پێشیل کردنی ئاشکرای مافی ژنان وەک شتێکی زۆر ئاسایی چاوی لێ بکرێت و تەنانەت بەشێکی گەورە لە ژنان سەرەڕای مەینەتی زۆر لەم بوارە لە سەر زەمینەی بیر و بروای خورافی و مەزهەبی و دواکەوتووانەی داسەپاو, خۆیانیان مەجبوور بە قبوول کردنی ئەوان کردوون. دەبێ خەباتی ژنان بۆ بەشداری لە پێک هاتەکانی خەڵکی و چالاکیەکانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیێکی بەربلاو ڕێک بخرێت و هەموو کۆمەڵگا وەک ئەسلێک قبوولی بکەن. بە هێز کردنی هێز و توانای پوتانسیەڵی جوولانەوە بە بەشدارای چالاکانەی ژنان لە پێک هاتەکانی چینایەتی و خەبات دژی پەیوەندیەکانی چەوسێنەرانەی داسەپاو و ڕێژیمی دواکەوتووی لایەنگری ئەم پەیوەندیانە مسۆگەر دەبێ.

# شکستی شۆڕش و پەرەساندنی مارکسیزمی بۆرژوایی




شکستی شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ بووە هۆی سووکایەتی کردن بە فەرهەنگی خەباتی شۆڕشگێرانە و وەلانانی ئەو و هەروەها پەرەساندنی بەرەو پاش چوون لە لایەن ئۆپۆزیسیونی یاسایی و نایاسایی . باو بوونی بۆچوونەکانی دژی کۆمۆنیستی و وەرگێران و بڵاوکردنی لە رادە بەدەری نووسراوە و کتێبەکانی دژی شۆڕشگێرانە تەنها بۆ گەیشتن بە هەلومەرجەکانی رەت کردنی پیویستی خەباتی چەکدارانە و شێوازەکانی قەهری خەبات بوو کە زۆربەی ئۆپۆزیسیون بە دوایدا بوون . بازای کتێب و گۆڤارەکانی ئاشکرا ، کە رژیمی تیرۆر پاڵپشتیی دەکرد ، بووە فەزایەك بوو دۆزینەوەی کەم و کۆرتیەکانی ئیدیعایی ئەوان بە نیسبەت مارکسیزم . نووسراوەکانی دژی لینینی لە سەرەوەی کتێبەکانی ئاشکرای مارکسیستی دانرا و لە ناو ئۆپۆزیسیونیش هێندێك لە نووسراوەکانی وەك شەری پارتیزانی بۆ لایەنگران و ئەوانەی تازە نەناسراو بوو . نووسەران و وەرگێنەران ، تەوابەکان ، ئەکسەریەتی و توودەئیەکان خەریکی شی کردنەوە و لێکدانەوەی فەلسەفی ئەم یان ئەو بۆچوون و یان تیئۆری و روانگەی مارکسیستی بوون و شکستی شۆڕش کە ئاکامی هێرشی درندانەی سیستەمی سەرمایەداری بۆ سەر خەباتی خەڵکی و دەسکەوتەکانیان و بە هۆی هاوکاری بێ دریغی ئەم خائینانە بوو ، بە مارکس و لینین نیسبەت دەدا . پەرەساندنی بۆچوونەکانی کائوتسکی ، برنشتاین ، تروتسکی و تەنانەت تەحریفی ناوەرۆکی نووسراوەکانی مارکس ، ئینگڵس ، رۆزا لۆکزامبۆرگ و . . . تەنها بۆ وەلاوەنانی مارکسیزم – لینینیزم و جێگیرکردنی سازش لە گەڵ وەزعی مەوجود بە جێگای خەباتی رێکخراو و قەهری و بە دژی ئەو بوو . گۆڤارەکانی روشنبیری چاپی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات ، پاش هەلومەرجی دەیەی ٦٠دا بە دوای دۆزینەوەی دووبارەی سوسیاڵ دیموکراسی بوون بە بێ ئەوەی کە بۆ خوێنەرانی خۆیان روونی بکەنەوە کە بۆ چی ناکرێ لە هەلومەرجی وڵاتێک وەك ئێران لە سەر ئەساسی بۆچوونەکانی برنشتاین و کائوتسکی حیزبی سوسیاڵ دیموکراسی دامەزراند و لە هەمان حاڵدا لە بەانبەر فەزای تیرۆر و خەفەقان موقاوەمەت کرد .ئیدیعاکانی سوسیاڵ دیموکراتیکی ئەوان نە لە رەخنە گرتن لە مارکسیزم – لینینیزم و ناسینی شێوازەکانی کارامەتری خەبات ، بەڵکو لە پیویستیەکانی کۆمەڵایەتی دینەکانی مام ناوەندی بۆ تەوجیهی سازش لە گەڵ هەلومەرجی داسەپاو ، پشتی خەڵکی بەردان و و وەلانانی هەرجۆرە خەباتی رێکخراو و قەهری سەرچاوەی دەگرت . پەرەساندن و بەهێزبوونی بەرپاش چوون لە ناو رێکخراوی کۆمەڵە و رێکخراوی نزیك بە ئەو واتە یەکێتی خەباتگێرانی کۆمۆنیست « اتحاد مبارزان کمونیست » سەهەند « سهند » هەروەها پاشماوەی رێکخراوەکانی پەیکار و رەزمەندەگان بووە هۆی پێکهێنانی یەکگرتنێکی بوروکراتیك ، دژی سۆڤیەت – دژی فیدایی و تاکو رەتی بە تەواوی مارکسیزم – لینینیزم بەرەو پێش چوو . ئەم یکگرتنە وردە بورژوائیە کە ناوی " حیزبی کۆمۆنیستی ئێران " ی بۆ خۆی هەڵبژارد پاش ساڵێك تووشی شەرێکی سەرانسەری و پر لە خسارەتی چەکدارانە لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو . جەریانێك کە خۆی بە حیزبی چینی کرێکار دەزانی ، و کەمترین سەرنجێك نەئەدا بە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەپی شۆڕشگێر لە ناوخۆی کۆمەڵگا و بە خۆیشی لە ئەساسدا خاوەن مێژووئێکی هاوبەش لە گەل ئەودا نەبوو ، و نەیتوانی لانی کەمی پەیوەندیەکانی ناسراو لە گەڵ حیزبی دیموکرات دامەزرێنێ و بە شێوەی چەند پات

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەشێکی گەورە لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆی تەرخانی پەرپێدانی ریفۆرمیسم ، رەتکردنی شۆرشگێری ، دوودڵی و گۆمان خستنەوە بە نیسبەت راستی و دروستی خەباتی چەکدارانە بە تایبەت لە کوردستان و لە ئاکامدا کۆتایی هێنان بە ئەودا کرد .**

کراو کەوتە داوی پەرەپێدانی دژایەتیەکانی ناوخۆی ئۆپۆزیسیون . حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەشێکی گەورە لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆی تەرخانی پەرپێدانی ریفۆرمیسم ، رەتکردنی شۆرشگێری ، دوودڵی و گۆمان خستنەوە بە نیسبەت راستی و دروستی خەباتی چەکدارانە بە تایبەت لە کوردستان و لە ئاکامدا کۆتایی هێنان بە ئەودا کرد . ئەم جەریانە بەشێک لە تەبلیغات و پروپاگەندەی بە دوور لە راستی و ناپاکی رۆژانەی خۆی تەرخانی سەرکۆنە کردن و فەحاشی کردن بە خەباتی نەسڵی رابردوو و رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران کرد و لە ناوخۆی کۆمەڵگادا پەرەی ئەدا بە رۆحی موحافیزەکاری ، پەشیمان بوون و هەست بە تاوان و قەرزدا بوون و پەنا بردن بە تەرحی داواکاریەکانی بچووکی سینفی لە وڵاتێک کە پەرەساندنی لە رادەبەدەری قەیرانەکانی سیاسی - کۆمەڵایەتی ئەو بووە هۆی شەڕ و کوشتارەکانی بەکۆمەڵ . جەریانی حیزبی کۆمۆنیست بە بێ پرەنسیبی تەواو ، هەموو فیداکاری و تێکۆشانی نەسڵی خەباتگێری رابردوو لە ژێر ناوی دەستکرد و دڵخوازی خۆی وەک " چەپی کۆن " ، " سوسیالیزمی خەڵکی " و " پوپولیسم " سەرکۆنە دەکرد و بەم بابەت بێ پەیوەندیانە لە گەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگایکی سەنعەتی ، زیانی دەگەیاندە رۆحی کار و تەلاش و ئومید و سەرهەڵدانی دووبارە لە ناوخۆی کۆمەڵگادا . ئەمە زۆر گرینگە کە ئەم حیزبە زۆربەی ئیمکاناتی خۆی بۆ پەرپێدانی بۆچوونەکانی دژی شۆرشگێرانە و بەرەو پاش چوون و یان ململانی دەسەلات لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرف دەکرد .

لە ساڵی ۵۷ دا و پاش دەرچوونی تەنها یەک راگەیاندراو لە لایەن رێکخراوی " یەکێتی خەبات لە رێگای ئارمانی چینی کرێکار " گروپێک لە خوێندکارانی ئێرانی نیشتەجێبوو لە دەرەوەی وڵت گەڕانەوە بۆ ئێران و هەستەیێک بە ناوی " سهند " یان دامەزراند . ئەم هەستەیە لایەنگرانی رێکخراوی یەکێتی خەبات لە رێگای چینی کرێکار بە رێبەری تەقی شەهرام بوو کە پێشتر واتە لە ساڵی ۵٤دا بە شێوەیکی زۆر ئانارشیستی لە رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران جیا بوو . هەستەی " سهند " لە ساڵی ۵۸ ناوی خۆی بە " اتحاد مبارزان کمونیست " گۆڕی . ئەم جەریانە جەریانێکی روشنفکری و ئاکادمیک و موبەلغی بۆچونەکانی چەپی زانکۆیی رۆژئاوایی و هەڵگری بۆچوونەکانی لایەنگری باڵی تەقی شەهرام بوو . هەلسوکەوتی پەرخاشگەرانە و تووند خەباتی شۆرشگێرانە و نیسبەت دانی بۆچوونی دڵخواز لە رەخنە گرتنی تیئوری و پراتیکی چەپی شۆرشگێر ، لە تایبەتمەندیەکانی ئەم جریانە بوو . وەک کردەوەی هەمان بۆچوونێک کە لە ناوخۆی پەیوەندیەکانی داخراو لە رێکخراوێکی مەزهەبی وەک موجاهیدینی خەڵک بووە هۆی توندتر بوونی دژایەتی و دوژمنیەکان تا ئەو کاتەی کە تەسویەی فیزیکی لە ناویان روو بدات . گروپی سەهەند ، لە سیاسەتی رێکخستنی کرێکاری ، ئیهتمامی دەدا بە کۆکردنی بێکاران و لە ئەندامان و هەلسووراوانی رێکخراوەکانی تر وەک رێکخراوی فیدایی - اقلیت ، پەیکار و رەزمەندەگان داوای دەکرد فشار بخەنە سەر رێکخراوەکانیان ئەو گروپە قبوول بکەن . ئەم جەریانە تەنانەت لە کاتی ۳۰ جۆزەردانی ساڵی ۶۰دا خەریکی بە کار هێنانی شێوەکانی دژی شۆرشگێرانە و دژی تەشکیلاتی بوو و لە راگەیاندراوێک داوای لە ئەندامانی رێکخراوەکانی ژێر زەبری پولیس وەک پەیکار و رەزمەندەگان دەکرد بە هۆی راست رەوی رێبەرانیان ریزەکانی رێکخراویان بە جێ بهێلن و رێکخراوەکانیان هەڵوەشێننەوە . گروپی سەهەند وەک میرات خوری شێوەی کار و چالاکی تەقی شەهرام لە حەل و چارە سەری کێشەکانی ناوخۆیی ئۆپوزیسیون ، یەکگرتن لە کۆمەڵەی ( پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ( ساڵی ٦۳ ، وەک دەرفەتێک زانی بۆ مەیدانداری بۆ پەرخاش کردن و تەحریفی لە رادەبەدەری راستیەکان و هەوڵدان بۆ بە لارێبردنی رێکخراوەکانی تری سیاسی . ئەم یەکگرتنە لە لایکەوە وەلامی دایە پێویستی خەتی ۳ بە تایبەت سەهەند و کۆمەڵە بۆ دەوردانی فیدایی و لە سەر رێگا لابردنی فیدایی ، لە لایکی دیکەوە قورسایی کێشەکان لە نێوان دیموکرات و کۆمەڵە بە قازانجی کۆمەڵە دەگۆڕی . لە بەر ئەوەی کە فەزای کوردستان ئەو فەزایە بوو کە هەموو لایەنەکان چەکدار بوون و حیزبی دیموکراتیش وەک حیزبیکی کلاسیکی بورژوایی حازر نەبوو بەشێک لە هێز و دەسەلات بە جەریانێکی وردە بورژوای خۆبەزل زان ، تورە و هەرا و هوریا کەر بدات ، پاش یەک ساڵ لە دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی سەهەند و کۆمەڵە شەڕ و پێکدادان لە نێوان دوو جەریان دەستی پێکرد .گروپی سەهەند و هاوپەیمانی پێشتر مائوئیستی ئەو واتە کۆمەڵە بە شێوەیکی مەسخەرە و زۆر غەیری ماهرانە و لە گەڵ تەحریفی راستیەکان هەولیان دا تا بۆ خۆیان وەک جەریانێکی لایەنگری کۆمۆنیسم ، ئیعتبار بە دەست بهێنن . لەم مەسیرەدا کێشەی دواکەوتووانەی خۆیان لە گەڵ حیزبی دیموکرات لە ژێر ناوی سەرهەڵدان و بەرزبوونەوەی خەباتی چینایەتی شۆرشگێرانە لە نێوان " پرولیتاریا " و بورژوازی لاپوشانی بکەن .ئەم شیوە هەلسوکەوت و بیرکردنەوەی جەریاناتی پێشتر مائوئیست بەلام وەفادار بە شیوەکانی پولپوتی لە پەیوەندی لە گەڵ جەریاناتی تر ، کوردستانی ئێرانی بۆ ماوەی ٤ ساڵ کردە مەیدانی شەرێکی خوێناوی و لەم پێناوەدا سەدان پێشمەرگەی دوو حیزب کوژران و متمانەی خەڵکی کورد بە هەر دوو لایەنی شەڕ بە تەواوی لە ناو چوو ز لە کۆتایی ئەم شەرە دواکەوتووانەیە هەر دوو حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە ماندوو و پەرتەوازە تووشی چەندین جیابوونەوە بوون و خەباتی چەکدارانەیش لە کوردستان کۆتایی پێ هات ز هەموو دەسکەوتەکانی دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی سەهەند و کۆمەڵە ئەمە بوو و بەس .

جەنابی ئاغای مەنسووری حیکمەت ، دەرفەتی راکردن و پاشەکشە بۆ ناوچەکانی سنووری عیراق و لە دەس دانی ژیانی سیاسی خۆی لە رێگای شەڕ لە نێوان دیموکرات و کۆمەڵە بە هەلومەرجی تیئوری بافی تازە گۆڕی ، دەرچوون لە ناوچە و ئەنجامی کار و چالاکی " کراوە و ئاشکرا " لە وڵاتانی رۆژئاوا بە بیانوی بوونی ناسیونالیزم لە کۆمەڵەدا تەوجیە کردەوە و جیابوونەوەی راگەیاند .بە تایبەت ئەوەی کە لە ناو کۆمەڵەدا کەسێک نەیتوانی لە قسە

و باسەکانی بە تەواوی روشنفکرانە و بێ ناوەرۆکی بەرپرسانی گەرایشی مەنسووری حیکمەت تێ بگات . جەریانی ئینشعابی ، دوایی لە بە ناوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران ، لە گەڵ پەیوەست بوونی گروپێک لە هاوبیرانی خۆیان لە نێوان روشنفکرانی وەک بەرزترین قوناغی سەرمایەداری رەت دەکاتەوە و لەم وشەیە لە فەرهەنگی سیاسی خۆی ئیستفادە ناکات و بە یەکجاری وشەی لینینیزمی وەلا ناوە و وشەی بێ ناوەرۆکی حکمتیستی بە کار دێنێ . ئەم جەریانە لە ژێر ناوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری سەرنجێک نادات تیئوریەکانی بێ ناوەرۆک و غەیری زانستی مەنسووری حیکمەت و کەسانی وەک ئەو . هەروەها ئەم کەسە لە رێگای مەحفلی هالیوودی خۆی بە ناوی رێکخراوی لاوانی کۆمۆنیست بە زمانی هەرەشە و ئیهانەت بە خوێندکاران رایگەیاندبوو کە

**ئەمە خۆدی خوێندکارە کە دەبێ بریار بدات رێورەسمەکە لە چ کات و چ شوێنێك بەرێوە بچێت نە ئەو کەسەی کە هەزاران کیلومەتر دوورتر و لە حاڵێکدا بۆ شارستانیەتی وڵاتانی رۆژئاوا ئاو لە لیو لەوچەی هاتووتە خوارەوە و مەدحی ئەو دەکات بریاری بۆ بدات !؟**

پێشتر مائوئیستی کوردی عێراقی کە زۆر حەزیان لە دەرچوون لە کوردستان بوو ، حیزبی " کۆمۆنیستی " کرێکاری عێراقی دامەزراند . ئەم جەریانە لە هەرا و هوریای خۆی بە دژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان رووی کردە نوسخەی کۆنی تەقابولی چەکدارانە لە نیوان حیزب و کۆمەڵە و لە رووبەروو بوونەوەیکی زۆر مەسخەرەدا و بە بێ هیچ جورە موقاومەتێک و لە خراپترین حاڵدا کە ئەفرادی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لە ناو مەقەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە شاری سلێمانی کوردستانی عێراق لە ترسی تەقە و کوژران تەنانەت فیشەکیکیشیان نەتەقاند بە حەقارەتێکی تەواو چەک کران و لەم ناوەدا چەند کەسێک کەوتنە بەر گوللەی چەکدارانی یەکێتی و کوژران . ئەمە هەموو داستانی شەرِی چینایەتی دون کیشۆتانەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو . ئەم جەریانە نەیتوانی لە فەرهەنگی دیموکراتیک تەنانەت لە نزمترین ناوەرۆکی ئەوادا واتە دیموکراسی بورژوایی ئیستفادە بکات و ئیمکاناتی چالاکی ئاشکرای بۆ ماوەیێک لە دەست دا . جەریانی کۆمۆنیستی کرێکاری بە تایبەت لە رەخنە گرتن لە فیدایی ، سنوورەکانی تەحریف و درۆ و دەڵەسەی بە رادەیکی زۆر بەزاند . و ئیمکاناتی تەبلیغی خەڵکی کوردستانی بۆ ئەم مەبەستە بە کار هێنا . رێکخراوی فیدایی وەک جەریانێکی پوپولیستی و سوسیالیست خەڵکی و چەپی کۆن و تەنانەت میلی – ئیسلامی ناو برد ز بەڵام خۆی نزیک بە سێ دەیەیە کە لە دەرەوەی وڵات بۆ گەرانەوەی ئابرو و متمانە بۆ لایەنگرانی سەڵتەنەت و تیئوریسیەنی ساواک واتە داریوشی هومایون تەبلیغات دەکەن . تەنانەت ئەم جەریانە ئیمپریالیزم وەک رێکخراوی موجاهیدین هێشتا بوونی رێکخراوەکانی سیاسی جگە لە خۆی بە رەسمی ناناسێ و بە دوای ئەوەدایە کە لە هەر دەرفەتێک بۆ ئەوەی کەڵک وەربگرێ تاکو جەریاناتی تر پەیرەوی بۆچوونەکانی ئەو بکەن . هەر حەرەکەت و نارەزایی ناوخۆیی وڵات بە خۆی نیسبەت بدات و وا نیشان بدات کە گوایە رێبەری حەرکاتی نارەزایی یان بە دەستی ئەوە و یان رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە رێکخستنی ئەو حەرەکەتانە . و بەم شێوەیە میمانەی درۆ بۆ خۆی بە دەست بێنێ .

یەکێک لە وتە بە نرخەکانی جەنابی ئاغای مەنسووری حیکمەت ئەمە بوو کە " من زۆر جار وتوومە کە پەیوەست بوونی ئەندامانی رێکخراوەکانی تر بە ریزەکانی حیزبی ئێمە ، حیزبەکەمان تەنها خاوەن غەنای زۆرتر و فیکریەتی زیاتر دەکات . " ئەمە شێوەی هەڵسوکەوتی جەریانێکی دواکەوتووی مەزهەبی و بێگانە لە گەڵ سەرەتائیترین رۆحیاتی کۆمەڵایەتیە ، کە ژیانی سیاسی خۆی لە هەوڵدان بۆ هەڵوەشانەوەی رێکخراوەکانی تر دەبینێ و ناتوانێ ئەسڵی روونی فرە حیزبی لە وڵاتێک بەم دەرەجەیە لە سەرکوت و خەفەقانی سیاسی قبوول بکات . ئاوا هەلسوگەوتێکی دەرەبەگی ، پاشماوە لە نەریتەکانی ئیسلامی – مائوئیستی لە مێژووی رابردووی ئەم جەریانە بە شێوەیکی هەتا زیاتر و ئیفراتیتر لە نووسراوەکانی ئاغای مستەفا سابیر کە ئەندامی ئەم جەریانەیە بەر چاو دەکەوێ . ئەم ئاغایە لە چەندین نووسراوە و بابەتدا بۆ خوێندکاران وەبیری هێناون کە جەنابی مەنسووری حیکمەت فەرموویەتی بەرەو لای چەپی کۆن نەرۆن و وینەی چە گوارا هەڵنەگرن . ئەو پێ سەیرە کە بۆ چی نەسڵی تازەی خوێندکاران هیچ رێورەسمی ١٦ خەرمانان نە لە ئیماموادە بەڵکو لە زانکۆ بەرێوە بچێ . ئەوان لە لایەکەوە ١٦ خەرمانان بە نەریتێکی پوپولیستی و چریکی دەزانن و لە لایەکی ترەوە حوکم دەکەن کە رێورەسمی ئەم رۆژە لە چ شوێنێک بەرێوە بچێ . لە راستیدا ئەمە خۆدی خوێندکارە کە دەبێ بریار بدات رێورەسمەکە لە چ کات و چ شوێنێک بەرێوە بچێت نە ئەو کەسەی کە هەزاران کیلومەتر دوورتر و لە حاڵێکدا بۆ شارستانیەتی وڵاتانی رۆژئاوا ئاو لە لیو لەوچەی هاتووتە خوارەوە و مەدحی ئەو دەکات بریاری بۆ بدات . شکستی شۆرشی رێبەندان ، دەرفەتێکی زێرین بوو بۆ ئەفراد و جەریاناتی دژی فیدایی بۆ سەر رێژ کردنی عوقدەکانیان و پێ لەقە دان بە پەیکەری نیوە گیانی رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران – ئەقەلیەت . رێکخراوی کۆمەڵە لەم دەورەیە بە هۆی کینە و دژایەتی کوێر و دواکەوتووانە لە بە دژی فیدایی ، لە گەڵ جەریاناتی تری خەتی ٣ یەکیان گرت . و لە ئاکامدا خۆی لە مەوقەعیەتی لە ناوچوونی رەقیبی سیاسی بینی و لەم هەلومەرجەدا بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئوسولی ئینسانی و بە شێوەیکی زۆر نا ئینسانی سەبارەت بە لە ناو چوونی رێکخراوەکانی سیاسی تر و پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی خۆیان بە بێرەحمی و شێوەی دادستانەکانی بێدادگاکانی رژیم وایان نووسی " هەلوەشانەوەی رێکخراوەکانی " چەپی کۆن " ( واتە فیدایی – ئەقەلیەت ، پەیکار ، رەزمەندەگان ) و لە ناوچوونی " فیزیکی " ئەم جەریاناناتە ( واتە کوشتاری لایەنگران ، ئەندامان و کادیران ) ، رێگای گەشە کردنی " مارکسیسمی شۆرشگێر" ی درۆیی ئەوان و دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی خۆش کرد .

# ڕاپەرینی ڕێبەندانی ١٣٥٧ لە پاش تێ پەڕ بوونی سی و دوو ساڵ دا !



. سی و دووهەمین ساڵرۆژی ڕاپەرینی ڕێبەندان وەک گرێنگترین و بەرچاوترین خاڵی دەس پێ کردنی شۆڕشی گەلی ئێران , تێ پەر دەکەین . ڕاپەرینێکی شکۆدار کە بێ گومان ئیلهام وەر گرتوو و ئاکامی حەتمی خەباتێکی نوێ لە ئاستی بزووتنەوەی نوێی کۆمەڵایەتی ئێران واتە بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی لە ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٤٩ و هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر نیمادەکانی سەرکوت و کینەی دژی شۆڕش لە لایەن هێزی شۆڕشگێر بوو کە ئەم جارە لە لایەن هێزی میلیونی کۆمەڵانی خەڵک جێ بە جێ کرا . سی و دوو ساڵ لەمەو بەر لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە لە ڕەوتی ڕاپەرینێکی گشتی و لە بەرزترین شێوازی ئەو , واتە ڕاپەرینی چەکدارانەی خەڵکی , بە دروست کردنی باریگاد لە شەقامەکان و هێرش بۆ سەر ئورگان و نیمادەکانی سەرکوت و پارێزەری سیستەمی داسەپاو و تێک شکاندنی هێز و توانای ئەوان , ئیرادەی پتەوی خۆیان بە مەبەستی پێک هێنانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بواری کۆمەڵایەتی – سیاسی و ئابووری کۆمەڵگا نیشان دان . ڕاپەرینی ٥٧ بێ گومان شکۆدارترین ڕووداوی شۆڕشی ئێرانە , و ئامانجەکانی شۆڕشگێرانەی کە گرێنگترین خاڵەکانی دەس پێ کردنی ئەو بوو , هێشتا مەزنترین ئامانجەکانی خەباتی کۆمەڵانی چەوساوەی وڵاتی ئێمەیە .

سی و دوو ساڵ لەمەو بەر کاتێک کۆمەڵانی وە زاڵ هاتوو لە ستەم و چەوسانەوەی سیستەمی سەرمایەداری و ڕێژیمی پاشایەتی لایەنگری ئەو , بۆ وەدی هێنانی ویست و ئارەزووەکانیان , ڕاپەرین . بەو هیوایە لاپەرەیەکی خوێناوی لە مێژووی خەباتیان هەڵدانەوە کە تێ دەکۆشان تاکو چارەنووسی خۆیان بە دەستی خۆیان دیاری بکەن , ئامانج و ئارەزووەکانیان وەدی بێت , هەژاری و نکبەت و چارە رەشی سێبەری رەشی خۆی لە سەر ژیانیان هەڵگرێ , بەشداری ڕاستەوخۆ بکەن لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگا , و لە یەک ووتەدا موژدە دەری ژیانێکی نوێ و بە دوور لە هەر چەشنە ڕەنج و دەردێکی سەرچاوە گرتوو لە پەیوەندیەکانی زاڵمانەی داسەپاو بە سەر وڵاتمان بێت . بلام نەک تەنیا ئەم کارە بە ئەنجام نەگەیشت , بەڵکو ئەم جارە دەسەڵاتی سەرمایەداران بە سەر خانێکی سیاسی دواکەوتووتر و وەحشیانەتر لە ڕێژیمی پێشوو , و لە سەر ئەساسی وەلایەتی فەقیح ئەرکی ڕێژیمی پێش لە خۆی بۆ پاراستنی سەروەری و دەسەڵاتی سەرمایە و سەرکوتی هەر چی زۆرتر بە ئەستوو گرت . ئاکامی ئاوا سات و سەودایێکی سیاسی شتێک جگە لە گرانی قەیران , بێکاری و بێ خانوویی , هەژاری و نەداری , شەری ناعادڵانەی هەشت ساڵە , گرتن و زیندان و ئەشکنجە و ئیعدام و سەرکوتی دڕندانەی نەتەوەکانی ژێر ستەم لە لایکەوە و پەرەوارتر بوونی سەرمایەداران و چینەکانی چەوسێنەر لە لایکی دیکەوە , شتێکی‌تر نەبوو . ڕاپەرینی ڕێبەندان لە هەل و مەرجی نەبوونی یەکیەتی و ڕێکخستنی چینی کرێکار و کۆمەڵانی زەحمەتکێش, لە نەبوونی ڕێبەرایەتێکی شۆڕشگێر کە لە هەل و مەرجی ئێستادا تەنیا لە ڕێگای ڕێبەرایەتی ڕێک خراوی چینی کرێکار بە ئەنجام دەگات , لە نیوەی ڕێگادا ڕاوەستا و دەسەڵاتی جێگیری دەسەڵاتی پێشوو دروست لە بەرانبەر ئەو شتەی کە کۆمەڵانی خەڵک بۆ ئەو خەباتیان کردە بوو , هەنگاو هەڵگرت . هێرش بۆ سەر ئورگانەکانی دەزگای دەوڵەتی بورژوازی و ئامرازی پاراستنی دەسەڵاتی سەرمایەداران و موفتەخورانی‌تری ناو کۆمەڵگای , ڕاگرت . و ڕۆژی دوایی ڕاپەرین هەوڵی دا تاکو ئەو زەبرانەی کە لە دەزگاکانی سەرکوت و چەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان کەوتە بوو چاک بکاتەوە . بۆیە ئورگانەکانی‌تر وەک سوپا , کومیتە و جیهاد و . . لە پاڵ ئورگانەکانی سەرکوتی پێشوو دامەزراند تاکو دەسکەوتەکانی ڕاپەرینی کۆمەڵانی خەڵک یەک بە دوای یەک سەرکوت بکات . هەر چەند خەباتی کۆمەڵانی چەوساوە بە مەبەستی پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەرین لە هێرشی دواکەوتوویی و دەزگاکانی سەرکوت تا ماوەیێکی زۆر لە

ئاستێکی بەرز و لە هەندێک لە ناوچەکان لە بەرزترین ئاست و شێوازی خۆی ، درێژەی خایاند و ئیستایش لە شێوازەکانیتری خۆراگری و خەبات درێژەی هەیە . رەوتی رووداوەکانی پاش راپەرینی نیشانی دا ,کاتێک چالاکی کۆمەڵانی خەڵک و خەباتی پڕ لە حەماسەی ئەوان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایکی نوێ و پێک هێنانی گۆڕانکاری ئەساسی لە پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی بە ئاکام دەگات , کە کۆمەڵانی خەڵک بۆ وە دەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆیان خەبات بکەن و ئەم ئەرکە جێ بە جێ بکەن . ئەگەر هێرشی دژی شۆڕش بۆ سەر ئورگانەکانی خەڵکی وەک شووراکانی کرێکاری و جووتیاری و هیتد . . . لە رێکخستن بەهرەمەند بوو لە بەرانبەردا بە هوێ نەبوونی رێبەری پرولەتاریا لە رەوتی راپەرینی ٥٧ کە نەیتوانی دەسەڵاتی سیاسی بداتە کۆمەڵانی خەڵکی راپەریو ، هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵک بۆ پاراستنی ئورگانەکانی خەڵکی لە بەرانبەر هێرشی سەرکوتگەران بە هوێ نەبوونی رێکخستن , کورت خایەن بوو . و بەرەبەرە بزووتنەوەی خەڵکی لە بەرانبەر هێرشەکانی دژی شۆڕشی دەسەڵاتدار تووشی پاشەکشە و لاوازی بوو . گۆڕانی هاوسەنگی هێزەکان بە قازانجی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دژایەتیەکانی ناوخۆیی کۆمەڵگا , بوونی هەشت ساڵ شەری دواکەوتووانە و ناعادلانەی دژی خەڵکی لە گەڵ دەوڵەتی عێراق , ئەم ئیمکانەی بۆ رێژیم فەراهەم کرد تاکو سەرەرای پەرەسەندنی قەیرانەکانی توندی ئابووری - سیاسی و کۆمەڵایەتی , گرفتەکانی ناوخۆیی کە تووشی بوو داپۆشێ و بە فریوکاری و بە لارێ بردنی بیر و بۆچوونی گشتی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی بۆ لای بەرەکانی شەری دژی گەلی خۆی لە گەڵ عێراق , گۆڕەپانەکانی نوێ بە مەبەستی هێرش بردنەوە سەری ماڵ و ژیانی کۆمەڵانی خەڵک و هەموو دەسکەوتەکانی خەباتی ئەوان , بۆ خۆی پێک بێنێ . مافەکانی دیمۆکراتیک پێشێل بکات و بە گرتن و ئەشکنجە و ئیعدامی بە کۆمەڵ و بە گوللە بەستنی خەڵک لە سەر شەقامەکان , هارترین و درندانەترین شێوەکانی سەرکوت دژی بزووتنەوەی خەڵکی بە کار بهێنێ . ئەمڕۆکە سەرەرای سەرکوت و زەختی وەحشیانەی دەسەڵاتداران و ئورگانەکانی سەرکوتگەر نەک قەیرانی




ناوخۆ کۆمەڵگا پەرەی ساندووە , بەڵکو بوونی قەیرانەکانی ئابووری , سیاسی , کۆمەڵایەتی وەک هۆکارەکانی عەینی پەرەسەندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی بڕیاری لە ناو چوونی حەتمی سیستەمی کۆن و رزیوی داوە . پەرەسەندنی ناکۆکیەکانی نێوان باڵەکانی بەشدار لە دەسەڵات بە دوای پەرەسەندنی قەیرانەکانی ناوخۆی کۆمەڵگا تا ئەو جێگایە کە هەر کام لە باڵەکان هەوڵی ئەوە بدەن تاکو کارامە بوونی خۆیان لە خزمەت کردن بە سەرمایەی ناوخۆیی و سەرمایەی جیهانی و پاراستنی ئەمنیەتی ئەوان بسەلمێنن و لە دەسەڵاتدا رۆڵی زۆرتر ببینن , پشتیوانی ئاشکرا و نهێنی ئیمپریالیزمی جیهانی و بنیاتەکانی سەرمایەی جیهانی وەک بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی دراو لە سیستەمی داسەپاو و بەستنی رێککەوتننامەکانی ئەسیر کەرەوە لە نێوان بنیاتەکان سەرمایەی جیهانی و وڵاتانی ئیمپریالیستی و رێژیمی ئێران هەموو نیشانەکانی ترس و هەراسی سەرمایەیە لە پەرەسەندنی قەیران و بە مەبەستی کۆنترۆڵی قەیران لانی کەم لەم کاتە ناسکەدا کە نارەزایەتی گشتی پەرەدەستێنێ و بزووتنەوەی سەرانسەری خوێندکارانی زانکۆکان و کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە رەوتی بەرەو پێش چوونیان پێکەوە نێزیک و نێزیکتر دەبنەوە و بە بەرز کردنی دروشمەکانی هاوبەشی سیاسی خەباتی هاوبەشیان بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانیان بەرەو پێش دەبەن .

ئەزموونی راپەرینی ٥٧ نیشانمان دەدات کە گەیشتن بە دەسەڵاتی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش تەنیا بە رێکخستن بۆ دامەزراندنی ئاوا دەسەڵاتێک مسۆگەر دەبێت . ئەمەیش مومکین نابێت جگە لە کار و چالاکی بەردەوام و ئامانج دار لە رێگای یەکیەتی ریزەکانی کۆمۆنیستەکان و پێک هێنانی تەنیا یەک ئیدارە لە ناو ریزەکانی ئەوان و دیاریکردنی لایەنی دیاریکراو بە کار و چالاکی ئەوان .



# قەڵبی من !

# KALBİM

نازم حیکمەت بۆ کرێکاران و زۆربەی زەحمەتکێشان سیمایێکی ناسراوە . شیعرەکانی نازم توانیە پەیوەندیێکی بەهێز پەیدا بکات لە گەڵ چینی کرێکاری جیهانی و خەڵکانی ستەم لێکراو . چرای ڕێگای و ڕێنمای شیعرەکانی نازم ئایدولۆژی روون و ئاشکرای شۆرشگێرانە و ئارمانەکانی بەرزی کۆمۆنیستیە . نازم حیکمەت لە ساڵی ١٩٠٢ لە شاری سالونیکا لە سنووری یونان و ترکیا لە دایک بوو . لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەرتش دەرکرا و لە هەمان ساڵدا چوو یەکێتی شۆڤیەت و لە مۆسکۆدا لە بەشی ئابووری سیاسی درێژە بە خوێندنی دا و پاش تەواو کردنی دەورەی زانکۆدا گەرایەوە بۆ تورکیا .سرودەکانی نازم لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٦ – ٣٨ بە دژی حاکمیەتی فاشیستەکان لە تورکیا لە نێوان روشنبیران و بە تایبەت ئەفسەرانی لاوی ئەو وڵاتە لایەنگری زۆری پەیدا کرد . نازم و گروپێک لە ئەفسەرانی شۆرشگێری ئەرتش کە لە گەڵ حیزبی کۆمۆنیستی تورکیا پەیوەندیان هەبوو لە ساڵی ١٩٣٨ پێش لەوەی کە شۆرشی خۆیان عەمەلی بکەن لە لایەن فاشیستەکان دەسگیر کران و نازم حیکمەت لە دادگای نیزامی بە ٢٤ ساڵ و چوار مانگ زیندان مەحکوم کرا . و ١٢ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە زیندانەکانی ئەستنبول ، ئەنکارا ، چانکاری ، و بورسا تێپەر کرد . و پاشان ئازاد کرا . نازم پاش ئازاد بوونی لە زیندان بە هۆی چاودێری پولیس و تەنانەت پلانی کوشتنی لە لایەن فاشیستەکان بریاری دا تاکو بچێتە دەرەوەی وڵات و بە شێوەی نهێنی لە تورکیا خاریج بوو و لە ڕێگای ڕۆمانی و لەهستان چووە بولغارستان و پاش ماوەیێک خۆی گەیاندە مۆسکۆ و لەوێ مایەوە ز لەم کاتەدا بوو کە دەوڵەتی تورکیا مافی شاروەندیی لە نازم ساندەوە . و تومەتی خائین بە وڵاتیان دایە نازم . و بۆیە تا کۆتایی تەمەنی لە وڵاتی شووراکان مایەوە و لە کۆتایی دا لە ساڵی ١٩٦٣ بە هۆی نەخۆشی دڵەوە لە مۆسکۆ مرد . نازم حیکمەت لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا شیعری دەوت و لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا یەکەم مەجموعەی شیعرەکانی نازم چاپ کرا . بەڵام گۆڕانکاری ڕاستەقینە لە شیعرەکانی نازم پاش سەفەری ئەو بۆ وڵاتی شووراکان ڕووی دا . و ئەمە بوو بە سەرەتائیێک بۆ گۆرانکاری لە شیعری شاعرەکانی وڵاتی تورکیا . نازم حیکمەت هەمیشە خۆی بە نوێنەری خەڵکی خۆی دەزانی و لە هەمان حاڵدا ئینترناسیونالیست بوو . ئەو لەو بروایەدا نەبوو کە پرولیتاریا لە بواری ئایدولوژیک خاوەن وڵات و نەتەوە نیە .

نازم حیکمەت لە پێشەکی یەکێک لە کتێبەکانی دەنووسێ " نووسەری ئەم کتێبە دڵی خۆی ، قەلەمی خۆی ، بیر و سەرانسەری ژیانی خۆی پێشکەشی خەڵکی وڵاتەکەی کردووە . بەڵام لە هەمان حاڵدا فەراتر لە سنوورەکان ، ناو و جێگای جوغرافیایی ، رەگەز و نەتەوە ، خەباتی هەموو خەڵکان بۆ بە دەس هێنانی ئازادی ، سەربەخۆیی ، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ئاشتی لە شیعرەکانی ستایش کردووە . و سەرکەوتنی ئەوان بە سەرکەوتنی خەڵکی خۆی و شکستی ئەوان وەک شکستی خەڵکی خۆی دەزانێ ."

یەکێک لە بەناوبانگترین شیعرەکانی نازم حیکمەت شیعری قەڵبی منە کە بە یادی مستەفا سبحی و چواردە هاورێ ئەو وتوویەتی کە کەشتی ئەوان لە لایەن بەکرێگیراوانی حکومەتی فاشیستی لە نزیک بەندەری ترابوزان گوللە باران کرا و نازم حیکمەت لە خەمی هاورێانی ئەم شیعرەیان بۆ وت :

*KALBİM*

Göğsümde 15 yara var!.
Saplandı göğsüme 15 kara saplı bıçak!..
Kalbim yine çarpıyor,
kalbim yine çarpacak!!!
Göğsümde 15 yara var!
Sarıldı 15 yarama
kara kaygan yılanlar gibi karanlık sular!
Karadeniz boğmak istiyor beni,
boğmak istiyor beni,
kanlı karanlık sular!!!
Saplandı göğsüme 15 kara saplı bıçak.
Kalbim yine çarpıyor,
kalbim yine çarpacak!...
Göğsümde 15 yara var!.
Deldiler göğsümü 15 yerinden,
sandılar ki vurmaz artık kalbim kederinden!
Kalbim yine çarpıyor,
kalbim yine çarpacak!!!
Yandı 15 yaramdam 15 alev,
kırıldı göğsümde 15 kara saplı bıçak..
Kalbim
kanlı bir bayrak gibi çarpıyor,
ÇAR-PA-CAK!!
1925

پانزدە برینم لە سەر سینگە
رەشە ئاوەکان وەکو رەش مارێکی لووسکە
خۆیان پێچراوە بە سەر برینەکانی سینگم دا
........
دڵم هێشتا لێدە دا
دڵم دوبارە لێدە ءا
پانزدە برینم لە سەر سینگە ......

بێ گومان ، نازم حیکمەت بە هۆی زۆربەی هەرە زۆری نووسراوەکانی لە مێژووددا وەک شاعیری مەزنی شۆرشگێر و لایەنگری پر لە هەستی کۆمۆنیزم کە شیعری خۆی کردبووە بانگەوازی پەیوەست بوون بە ریزەکانی ئەرتشی گەورەی پرولیتاریای تێگەیشتوو ، ناوی خۆی داکۆتاوە . هەر ئەو بوو کە راستی جیهانگیری مارکسیزم – لینینیزم وەک هەتاوێک دەزانێ کە کۆمەڵانی بێ بەش کە کاسەکانیان سوفالیە ، بۆ رزگاری و سەرکەوتن دەبێ قۆم قۆم و شان بە شانی یەکتر لێ بخون .

**یادی بەرێز و رێگای پڕ لە رێبوار**

# مامە لفتە



لەوانەیە پێتان ناخۆش نەبێ لە گەڵ مندا ئاشنا بن و بزانن نووسەری ئەم ووشانە چ کەسێکە ؟ ناوم لفتەیە و هێندی لە ئاشناکانم پێم دەڵێن مامە لفتە و هێندی ترێانیش دەڵێن لفتە کرێکار . قەرار وایە لەمو بەدوا لەم لاپەڕە لە گۆڤاری ڕێگای گەل شت بنووسم ، هەڵبەتە بە ئیجازەی ئێوە . ئەگەر پێتان خۆش بێ بخوێنن و پاشان وەک نەریتی ئێرانیش کە بووە چەند جنێوێکی ئاوداریش حەواڵەم بکەن ، لە بەر ئەوەی کە ئەمەیش بووەتە عادەت و تەرکی عادەتیش مەحاڵە . لە خوێندنی بالایش لە فەرەنگ نەپرسن کە نەخوێندووەمە ، ئەگەر داوای مەدرەک دەکەن کە بە سێ فیکە بۆتان حازر دەکەم لە ناو بازاری ڕەشدا بە نرخێکی زۆر هەرزان دەس دەکەوێ . لە سەرکردەکانی حکومەتی ئیسلامی کە کەمتر نین ، لاوان بە هەزار بەدبەختی دەبنە خاوەن مەدرەک و ئەبنە ڕانندەی تاکسی ، بەڵام ئەوان جەعلی دەیکەن و دەبنە وەزیری ناوخۆ . ئەسڵەن چ کەسێک وتوویەتی پیویستە نووسەر دەبێ حەتمی خوێ،دەواری دروست و حسابیی هەبێ ئەویش لە نەوعی کلاسیک و یان سیاسی و یان . . . ، مەگەر ئەوانەی کە لە تەلویزیونەکانی ماهوارەیی ئەم لایی و یان ئەو لایی و یــــان گۆڤارەکان دەڵێن و دەنووسن خوێندەوارن ؟ کە لە جێ خۆیان دانیشتوون و چەپ و ڕاست بڕیار دەردەکەن ؟ زۆر لێی ورد نابمەوە . ئەسڵەن بە من چی کە چ کەسێک چ دەنووسێ .

وتم ناوم لفتەیە بە قەولی شەماعی زادە گورانیبێژی لوس ئاجلیسی کە ماوەیکە گیتارەکەی بە با داوە خەڵکی کوردستانم ، کوردم کوردی ئێرانم و هیچ کەسێکیش جگە لە خۆمانی ئێرانیش ناتوانێ ئێمە بناسێ لە بەر ئەوەی کە ئێمەی ئێرانی تووشی ئاڵزایمری زەمانی نە دوور و درێژ بەڵکو نزیک و بە پێژوانە حافیزەی باش بە نیسبەت زەمانی دوور و درێژی ڕابردووین . بۆ نموونە لە بیرمانە کە خاوەن فەرهەنگی ٢٥٠٠ ساڵەین ، بەڵام فەراموشمان کردووە کە لە حکومەتەکانی شا و شێخ چ شتانەی لە دەس داوین . و تا تەقێک بە تووقێک دەکەوێ ئەم فەرهەنگە ٢٥٠٠ ساڵەیە دەکوتینە تەوق سەر ئەو کەسەی کەگیرمان پێ ئەدات و بڵێکە ئێمە فلانیم و فیسار و زۆر پێمان ناخۆشە کە بۆ چی دەڵێن ئێرانیەکان بۆ نموونە مەزهەبین و کۆن بیر دەکەنەوە . هەڵبەتە ڕاستە کە ئێمە ئێچرانیەکان خاوەن قەڵبی مەزهەبی و کۆنین بەڵام لە هەمان حاڵدا خاوەن عەقڵی ڕۆژئاوایی و لائیک و مودیرنین . هەر کام لە ئێمە ئێرانیەکان لە هەر مەجلسێکی قسە و باسدا شارەزا و ئوستادیم و تایبەتمەندی زۆرمان هەیە ، بۆ نموونە : ئیمام زادە دروست دەکەین و پاشان پولی لە ناو حەرەمەکەی فرێ ئەدەین و داوای بەخششی لێ ئەکەین . کاتی عاشق دەبین کە ئیتر هیچ ، دەبینە شاعیریش . داستان کە دەڵین ، ئەبینە ساقی ، مەجنون کە دەبین دەستی لەیلی و مەجنون و بە کۆرتی هەر عاشقی ناو مێژوویش لە پەشتەوە دەبەستین و سەبارەت بە هەموو پاچ و پێمەرەی کە لە بێستون دراوە ، شیعر دەڵێن تاکو بڵێن عاشقێکی وەفادارین . کاتێک شکست دەخوێن کە باسی لێ مەکە ! ئاوا لایەنی بەرانبەرمان دەبێتە غولێکی بێ شاخ و کلک و ترسناک کە ئینگار ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆمان لەیلی بوو یان مەجنون . دەزانن چی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو : یەکەم هەڵویستمان بە نیسبەت لابردنی یارانەکان ئەمە بوو کە بۆی جوکمان دروست کرد . لە بەر ئەوەی کە ئینسانەکانی شۆخ و سادە دڵێکین ، دادەنیشین و تا ئاخیر گوێ ئەدەینە قسەکانی ئاغا مەحمودی خۆش تیپ و پاشان هەر و هەر پێ دەکەنین کە فلانی چەند پەرتە ، غافیلین لەوەیَ کە لە هەموو شوێنێکدا ئەم بێ عەقڵە کە هەڵبەتە خۆی بە دانشمەندیش ئەزانێ و پێ خۆشە تا هەموو مەسەلەکان بە شێوەیکی زانستیانە حەل بکات و بۆیە لە هەموو کاتێکدا وەڵامی پرسیارەکان بە پرسیار ئەداتەوە ، سەرۆک کۆماری هەمان فەرهەنگی ٢٥٠٠ ساڵەیە کە شانازیی پێوە ئەکەین !! بە قەدەر خۆی بە دژی ئێرانیەکان قسەم کرد ، لەوانەیە ئێوەیش کە خەریکی خوێندنی ئەم نووسراوەین لێم تورەین و وەک ئەوەی کە لە پێشتر سەبارەت بە تایبەتمەندیەکانی خۆمان ئاماژەم پێ کرد منیش بێ بەش ناهیلن . ئێستایش سەرنجتان بۆ خوێندنی چەند هەواڵێک ڕادەکێشم :

١-بە هۆی لێدانی کەشتیەک بە کابلی ئینتەرنێت لە تەنگەی هورموزدا ، خەتی ئینتەرنێت بۆ ماوەی ٢٥ تا ٢٦ ڕۆژێ داهاتوو و بە پێ پیویست زیاتریش نیە

٢- قەتعی SMS ، هەر لە ئێستاوە وەزیری موخابرات ڕایدەگەیێنێ کە ئاگای لە مەوزوعەکە نیە .

٣- شەقامەکانی مەرکەزی شار ، دەبێتە گۆڕەپانی موتورسواری هێندێنێک " غولی بیابانی " کە نزیک بوون بەوان خەتەری " گاز گرفتەگیی " بە دواوەیە .

٤-ئیجازەی مانگێک بە ئەرازڵ و ئەوباش کە ماوەیکی لەمەوبەر بە پی تەرحێکی زەربەتی کۆکرانەوە . دابەشکردنی قەمە و چەقۆ لە نێوانیاندا بۆ خزمەتکردنی ئەو ئازیزانەی کە مل کەچی قانوون و بڕیارەکان نابن . ٥ - خواردنی شەکری زۆر . . . لە لایەن ڕێبەری شۆرشی ئیسلامی لە تریبونی نوێژی هەینی و وەبیرهێنانی مەترسی هێرش بۆ سەر شۆڕشی ئیسلامی لە لایەن بەکرێگیراوانی بێگانە و دژی ئیسلامی و . . .



٦ – بینینی ئەفرادی نەناسراو بە یەم و چاوی قەڵەو و چەفیە بە مل کە خەریکن لە مەیدانەکانی شاردا وێنەی یادگاری دەخەن .

٧- حازر بوونی هەزاران پولیسی دژی شۆرش لە شەقامەکان

٨ – هەوڵ و کۆششی شەوانە رۆژی شرکەتەکانی ساندیس سازی بۆ پشتیوانی مەعنەوی لە رێبوارانی رێگای عشق !!

٩ – ناردنی خەرواریک پارازیت لە سەر شەبەکەکانی ماهوارەیی . ا نگەران مەبن فارسی وان موشکلێکی نیە ! شەبەکەکانی تریش موشکلێکی تایبەتیان نیە ، ئەسڵەن مەعلوم نیه ئەم پارازیتانە بۆ چی دەنێرن ؟ بە راستی دا هەر مەعلوم نەبوو کە ئەم ئەلیسایە لە کوێیە ؟!

١٠ – وتووێژی ١٠ دەقە بە ١٠ دەقەیی رادان و ئاگادار کردنەوەی بەم شتە کە : زۆر سوپاسی ئومەتی شەهید پەروەر و هەمیشە لە سەحنە دەکەین ، شار لە ئەمن و ئەماندایە و بالندە بە بێ ئیجازە ناتوانی بفرێ ئەگەریش بفرێ خشتەکی ئەکەینە ئالا .

هەزینەی ئەم تەرحانە لە گیرفانی باوکی مەسئولەکان ئەدرێ و پەیوەندیی بە تەرحی ئامانج دار کردنی یارانەکان نیە ، نگەران مەبن ئەم پولە میراتی باوکی ئەوانە و پەیوەندیی بە من و تو نیە .

تەرحی بەد حیجابی نەقدی دەکرێ

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە داهاتی نەوت بۆ ولاتێک کە سەرۆک کۆمارەکەی رۆژێک سەد جار گافی پر



هەزینەی لێ ئەدات ، بەس نیە مەجلیس پیشنیاری کرد تەرحی موقابلە لە گەڵ بەد حیجابی نەقدی بکرێ . بۆیە لە هەفتەی داهاتوودا دەبێ بەرێوە بچێ ، بە پێچەوانەوە دۆستانمان لە خزمەتی سازمانی ناجا بێ بەش نابن .

رووسەری تەنک و بەدەن نەما

مترێک ١٥ هەزار تومەن

رووسەری کورت و خوارەوەی نیو مەتر ، بە گشتی ٢٠ هەزار تومەن

رووسەری کون کونی چێندراو ، بە پێ بەرین بوونی کونەکانی ، لە ١٢ تا ٢٥ هەزار تومەن

شەلواری کۆرتی بەرین ، ٥ هەزار تومەن

شەلواری کۆرتی ئیسترچ ، بە پێ زەق بوونی شوێنی مەبەست ، لە ٢٠ تا ٣٥ هەزار تومەن

شەلواری تەسکی چاک کۆرت ، بە پێ زەق بوونی شوێنی مەبەست ، لە ٢٥ تا ٤٠ هەزار تومەن

مانتوی کۆرت بە دوگمەی کراوەی ئەستور لە جنسی جاجیم و گلێم ، لە ٢ تا ٥ هەزار تومەن

مانتوی کۆرتی تەنک و تەسک ، بە پێ قیاسی دەوری کەمەر و باسەن ، لە ١٥ تا ٣٠ هەزار تومەن

کراسی براکەی کە لە جیاتی مانتو لەبەری کردووە و تەسکیش بێت ، لە ٢٠ تا ٤٠ هەزار تومەن

چادری عەرەبی لە گەڵ ئارایش و ناز و کرشمە ، بە پێ دەرەجەی ئارایش و ناز و کرشمە ، لە نێوان ١٠ تا ٣٠ هەزار تومەن

چادری تەنک ، بە پێ لیباسێک کە لە ژێریدا پۆشیبن ، لە نێوان ٢٠ تا ٣٠ هەزار تومەن

ئارایشی زەق لە گەڵ رۆژ لێوی سوور ، کرم پودر ژێر بروی رەنگی ، لە گەڵ ئیکلیلی زیادی ، لە نێوان ٢٥ تا ٦٠ هەزار تومەن

ئارایشی زەق لە گەڵ بروی نەخی ، بە پێ ئەوەی کە چەند میلیمەتر بێت ، لە نێوان ٤٠ تا ٧٠ هەزار تومەن

بروی تاتو ، بە گشتی حیساب دەکرێ ، لە نێوان ٢٥ تا ٤٥ هەزار تومەن

لێو زەنبووری لە گەڵ خەتی دەوری لێو و رۆژ لێوی بریقەدار ، لە نێوان ٤٠ تا ٥٠ هەزار تومەن زیادە لە سەر جەریمە

کراسی تەنک بۆ پیاوان ، بە پێ هەیکەل و شێوەی رێگا چوون ، لە نێوان ١٥ تا ٢٥ هەزار تومەن

مودیلی تیفوسی لە گەڵ لێوی رەش بە گشتی لە نێوان ٢٠ تا ٣٠ هەزار تومەن

مودیلی ژووژوویی لە گەڵ تیپی میتاڵ و پشتی چاوی سەوز و ژێر بروی هەڵگراو و لینزی زیادی ، خوا تومەن .

---

## تازەترین راگەیاندراوەکان لە سایتی رێکخراو وەرگرن:

**ناونیشانی سایتی رێکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیك , کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ریکخراو بریتین لە :**


www.fedayi.org
webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
*FAX:+46317792571*




شکۆدار بێت ١٩ ڕێبەندان ,٤٠ هەمین ساڵیادی ڕەستاخیزی مەزنی

سیاکەڵ و دەسپێکردنی بزووتنەوەی نوییێ کۆمۆنیستی ئێران ,

دامەزراندنی ڕێکخراوی

چریکە فیدائیەکانی گەلی ئێران .

(( کومیتەی کوردستان

ڕێکخراوی یەکیتی فیدائیان کۆمۆنیست ))



خجسته باد ١٩ بهمن چهلمین سالگرد رستاخیز سیاهکل ، طلوع جنبش نوین کمونیستی ایران و بنیانگذاری سازمان چریکهای فدایی خلق ایران !

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ,**

**دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**